مەسرور بارزانی و باییزی فرەنسا گرنگیی نەهێشتنی ئاستەنگەکانی بەردەم هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم تاوتوێ دەکەن

ئەمڕۆ دووشەممە 17ی ئاداری 2025، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە پاتریک دەرڵ باییزی فەڕەنسا لە عێراق کرد.

هەردوولا بیروڕایان لەبارەی دۆخی گشتیی عێراق و هەرێمی کوردستان و ناوچەکە ئاوگێ کرد.
تەوەرەکی کۆبوونەوە، تایبەت بوو بە گفتوگۆکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
سەرۆکی حکومەت ئاماژەی بەوە دا کە کێشەکی ئەرێنی و لێیکتێگەیشتنی باش لەئارادایە و ئومێدوارین لە ئایندەیەکی نزیکدا، حکومەتەکی بەهێز و یەکگرتوو پێکبهێنین.
گرنگیی نەهێشتنی ئاستەنگەکانی بەردەم هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان و دابینکردنی بەشی بودجەی هەرێم و ڕەزگرتن لە قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستان، بەشێکی دیکەی گفتوگۆکان بوو، کە یان بڕەم کونسوڵی گشتیی فەڕەنسا لە هەرێمی کوردستان ئامادەی بوو.